

# تەنیایی بێهودەیە

عومەر جەلال

ئێمە تەنیاین
تەنیاین وەك و ئەو پەپولەی عاشقی گوڵێکەو نایگاتێ
تەنیاین وەك و ئەو گوڵەی کەسێك نیە بۆنی بکات
تەنیاترین لەو تابلۆیەی کەسێك نیە تەماشای بکات
چ ڕۆژگارێکی خەماویە
بەقەهرەوە لە دایك بووین
ناتواین ,گوێبیستی وانەکانی عەشق بین
تەنیای شکستمان پێدێنێ و پردەبین لە بێئومێدی
بێئومێدیەکیش دەمانکوژێت
چ دۆراوێکی بەختەوەرین
لاوەکان پیرن و پیرەکان مردوون
تەنیایی,
شەوەکانی پڕکردوین لەرۆندك
ئێوارە ئەرخەوانیەکانی کاڵکردوەتەوە
تەنیایی,
تەعارووفە لەتەك وەهم

رۆچونە بەرەو دەریای حوزن
تەبایە لەتەك مەرگ
کوشتنی ڕەنگی شادیە...
لەم زەمەنی تەنیایی و شکستەدا
هەنگاوەکانیشمان بێهودەیە
ئاوازی مەرگ دەبیستین
نەهیلیستیانە بیردەکەینەوە
هێمایەکین بۆ هیچ
هاوڕێ,بیزار مەبە
تەنیایی وافێری کردین بجەنگین
دژی ئەو ئەستێرانەی دەستمان نایگاتێ
دژی ئەو خەمانەی هەرەسمان پێدێنێ
سەیرە هاوڕێ شاعیرەکەم تەنیایی پەسەند دەکات و دەڵێت
"جگەرەو شیعر و تەنیایی دواین خەونی منن"
هاورێیەکی عاشقیشم تەنیایی پەسەند ناکات و دەڵێت
"ژیان بە عەشقەوە جوانە ,مرۆڤی عەشق نەدیو بەگێلی دەمرێت"
من لەفەرهنگی تەنیایی دا
دەنگێکی بێدەنگ و ڕەنگێکی بێڕەنگ و بەهارێکی بێگوڵ و
خۆزگەکانی پاشماوەی شکست بەدی دەکەم
ئەوینێك خاڵی لە بەرائەت
شیعرێك دوور لە ئیستاتیکا
سەفەرێك بەرەو شێت بوون
شێتبوونێك بەرەو خۆکوشتن
ئەمانە دەبینم لە تەنیایی دا
هاوڕێ
تۆ نازانی تەنیایی دەکەوێتە چ گەڕەکێکی ژیانەوە
ناتوانی شادی لەخەم جوداکەیتەوە

تۆ پڕ پڕت لەمندالّی

ئەفسووس من پڕاوپڕم لەپیری

ئەی تۆ

ئەی دلّبەردترین یار

ئەی بۆن خۆشتر لە نێرگزی بەهار

تەنیام مەکە وەك و کردت

تەماشام کە پاش شکست چیم بەسەر هات

ئاه.

تەنیایی چەند بێهوودەیە

تەنیایی و عەشق مەرگی پێناساندین

omargalal2004@yahoo.com